# فایلچیەکی کەرباز !

کەیهان عەزیز

ئەوسا،ڕۆژانە خەریکی میگەل وگایەل لەوەڕاندن بووم. قالەی عەزەرێویش حەمیلەی حامیلە کردبوو و،بەرە و شارهەڵاتبوو، لێ چونکە بابی پوڵدار بوو،سەرقاپی حامیلەبوونی حەمیلە نرابۆووەوە.دڵم خۆش بوو بەوەی، ئەو ماوەیەی ئەو لە دێدا نەماوە، بتوانم ڕاوی کچانی دێ بکەم و واز لەڕاوی جاشەکەر بێن. وەلێ بەر لەوەی پلانەکەم بێنمەدی ڕۆژێکیان لە تەویلەکەماندا بەسەر تەنەکە(حەلەب)ڕۆنێکی شاپەسەندەوە خەریکی جاشەکەرەکەی ماڵی حاجی ساڵح بووم،کە سەبری وحەپسە دەمهەراش هاتن بە سەرداو،ئیدی کون نەبوو خۆمی تیا بگرما. وام لێهاتبوو،نەک ڕاوەکچ بەڵکو سەد خۆزگەم بەدەورانی گەوڕ و جاشولکەکان دەخواست.

کانی بۆقانم لەبەرچاو ڕەش ببوو، بۆ هەلێک دەگەڕام سەری خۆم هەڵگرم .سەوادم نەبوو،لە لێخوڕینی مێگەل زیاترشتێکی دیکە بەڵەد نەبووم. بیرم لەچوون بەرەو شارو شاگردی کردەوە،وەلێ کاتی سەربازیم هاتبوو،نەدەکرا. کاتی نانخواردنی ئێواری بوو،لە بەر ئازاری بەرموستەڵانم نانم پێنەدەخورا. دایکم خوایشتی دەکرد هەرچۆنێک بێت دوو پاروونان بخۆم،وەلێ بابم بەرقی لەچاوان دەباری دەیگووت: ژنەکە لێیگەڕێ با زەهری مار بخوات. دایکم کەوتە بەرگریکردن لێم،کەچی بابم لەداخی وی لەپڕێکدا سەرەقابلەمەیەکی تێگرتم. زۆر جاران لەبابم هەڵگەڕابوومەوە، وەلێ ئەمجارە بێدەنگیم هەپبژارد!ئەمەش دایکمی خستەگومانەوە و گووتی: ئەوە بۆ دەمت داخراوە و فزەت لێنایەت؟ کەچی بابم لەولاوە گووتی: برۆ لە سەبری وحەپسە دەمهەراش بپرسە،ئەوجا دەزانی کوڕە کەربازەکەت بۆ بەرموستەڵانی دێشێت و فزەی نایەت. خانم، کوڕەکەت خەریکی جاشوولکەکەی حاجی ساڵح بووە و جووتەیەکی مزری خواردووە،ئیدی بەقوربانی چی دەبێت!. کەدایکم ئەمەی بیست،لەبابم خراپتری بەسەرهات و،هەرچی بەدەمیداهات پێی گووتم. ناچار بە پەلەپروسکە خۆم گەیاندە ماڵی شێخ عەلی. ئەو شەوە تا بەیانی لەبیری ئەوەدا بووم چی بکەم،بەبەر خۆمەوە دەمگووت: عەرەبی نازانم و سەربازیم پێناکرێت. شاگردیم لەشار پێدەکرێت،وەلێ کاتی سەربازیمە و نابێت.. چەند خزمێکی دایکم لەئێران بوون، ناچار بڕیارمدا بەرەو ئێران بکەوومە ڕێ.

ئاشبەتاڵەکە چەند مانگێک بوو ڕوویدابوو، وای لەلایەکی کورد کردبوو،خەریکی خۆبەدەستەوەدان وماستاوکردن بۆ بەعس و برایەتی کوردوعارەب بن!، تەنانەت دروشمی "دارگوێژەکان بەعسیە وگشت هەورامان بەعسیە" کوێرە دێکانیشی گرتبووەوە. منی نەگبەتیش تازە بەتازە خەریکی سەرهەڵگرتن بووم.

پوورە مەنیج،لە بەرەبەیاندا خەریکی ناوساجی دروستکردن بوو،کە بینی دەڕۆم چەند ناوساجیەکی بۆخستمە نێو بوخچەکەمەوە. بەرەو مەرز کەوتمە ڕێ، پاش چەند سەعاتێک گەیشتمە ناوچەیەکی شاخاوی زۆرسەخت. چەند چەکدارێکم بینی. پاش سڵاو و خۆناساندن،دەرکەوت ئەوان بەشێکن لە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان. کە گووتم دەمەوێ بەرەو ئێران برۆم. یەکێکیان زۆر زیرەک و قسەزان بوو، بەجۆرێکی وا قسانی بۆ کردم، منی خستە ژێر تەلیسمی قسەکانیەوە و بڕیارمدا لایان بمێنمەوە و ببمە پێشمەرگە!. کاری پێشمەرگایەتی بۆمنی لادێیی، لەشارییەکان ئاسانتر بوو. پاش چەند مانگێک بۆم دەرکەوت کە ئێرە جێگای شیاوی من بووە!. لە بۆڵەبۆڵی ماڵەوە ڕزگارم ببوو. لە هەمووی خۆشترکە دەچووم بۆ چالاکی، ئەو هەموو کچەناسک وجوانانەی کە لە دەورم دەئالان و بەقوربان و لەبەرم دەمردن،بست بست باڵا دەکرد. پ.م شارییەکان ئەزموونیان کەمتر بوو لە چاولادێیەکاندا، هەر بۆیە تەلەفاتیشیان زیاتربوو. ئەمەش وایکرد بەخێرایی بگەمە پایەی سەرتیپی!. هەرچەندە تادەهات

سەرکردایەتی بڕوای پێم زیاتر دەبوو، پلەوپایەی بەرزتری پێدەبەخشیم، وەلێ تا (ئیتیلاعات) و (موخابەرات)ی سەددام نامەی هاوکاری بۆ نەناردم نەمزانی وا ناسراو وگرنگ بووم!. بۆیە بەمەبەستی گارانتیکردنی شاروشاخ، بریاری هاوکاریکردنی موخابەراتم دا. بەخێرایی ناوبانگم دەرکرد، تا سەرئەنجام بوومە ئەندامی سەرکردایەتی!. ئەندامێکی سەرکردایەتی سەرکەوتوو، دەبێت ئەقڵیەتێکی بەڕێوەبەرایەتی کارامەی هەبێت. ڕاستیەکەی منیش سوودم لەدەوران و ئەزموونی گاوانیەکەم، بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاوناوچەکانی ژێر دەسەڵاتمدا دەبینی !. سەیریش لەوەدا بوو، زۆر سەرکەوتوو بووم !!.

*تێبینی:*
*بەبڕوای من ساڵی 2003 ساڵی فایلچیەکان بوو. ئەم ووتارە بەشێکە لەفانتازی سەقەتی بەندەو، دوا دیاریمە بۆیان، گەر فایلبازێکیش خۆی لەو نووسینەدا دەبینێتەوە ئۆباڵەکەی لەئەستۆی خۆیدایە، مەبەستم فایلچیەکی دیاریکراویش نییە.. ئاواتەخواز بووم ئەوان کەرباز و مێباز و کۆترباز و هەمەباز بوونایە؛ تەنها فایلباز نەبوونایە.*

Den-Bosch
2004-01-5